# جیاوازی یەکسانی دووڕەگەز..

ئا: کەژاڵ عەلا

لە چ شوێنێکی ئەم دنیایەدا مافی ژنان و پیاوان یەکسانە؟ لە کام وڵاتی ئەم جیهانەدا بەشێوەیەکی باش لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە بایەخ بەژنان دراوەو وەکو پیاوان شانسی پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و...هتد و گشت بوارە جیاجیاکانی ژیاندا ؟

ڕێکخراوی کۆڕی ئابووری جیهانی، لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکی بەدواداچوونی لە بارەگاکەی خۆیان لە وڵاتی سویسرا ئەنجامداوەو بەمجۆرە چەند وڵاتێکی هەڵسەنگاندوە: لەنێوان 58 وڵاتدا کەلە لیستی ئەم ڕێکخراوەدا ناویان هاتووە وڵاتی سوید لەریزی پێشەوەو میسریش لەڕیزی خواری خوارەوەی لیستەکەدا دانراوە. ژنانی سویدی لەڕووی پەروەردەییو خزمەتگوزاری تەندروستیدا شانسێکی باشیان هەیەو لەکۆمەڵگەیەکی تێگەیشتوو زانست پەروەردا ژیان دەگوزەرێنن. هەروەها بەشێوەیەکی ئاسایی وڵاتانی ئەسکەندیناڤیەکان بەپلە پێنج دانراون و لەڕیزی سەرەوەی ئەم لیستەدان. ژنان لەم وڵاتانەدا هەمیشە سودمەند بوون لە یاسای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

هەروەها نیوزلەندا، کەنەدا، بەریتانیایش پلەی بەرزیان بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا پلەی نیوزلەندا بە هۆی کەمی دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان تێیدا، لە ئاستی پلەکەی دابەزاندوە. بەریتانیاش بەهۆی کەمی بایەخدانیان بە تەندروستی و سەلامەتی ژنانەوە پلەیەکی نزمی پێدراوە. ئەم ڕیکخراوە وتی: چاودێریکردنی ژنان لەسەردەمی سکپڕیداو پاراستنی تەندرووستی کۆرپەلەو دایک، یەکێکە لەئەرکە هەرەگرنگەکانی حکومەتی هەر وڵاتێک.

ئەوەی بۆتە مایەی سەرسوڕمان لەم لیستەدا دەستنیشانکردنی ناوی هەندێک وڵاتی زلهێزە کەناویان لە ڕیزی خواری خوارەوەی ئەم لیستەدا هاتوە. بۆنموونە ئەمەریکا پلەی هەڤدەهەمی بەدەست هێناوەو نەیتوانیوە لەم لیستەدا پلەیەکی بەرز بەدەست بهێنێت. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە ئەمەریکا ژنان بەدرێژای ئەو ماوەیەی کەناتوانن بچنە سەر کار، بەهۆی گرفتی منداڵبوونەوە، زۆربەی کات تاکاتی گەڕانەوەیان بۆ سەرکارەکانیان مووچەیان پێنادرێت!. ئەم کێشەیەش بۆ ژنان ئەبێتە هۆی بێبەشبوون و دواکەوتنیان لەپیشەکەیان و ڕووبەڕووی دژواری تەندروستیو هەژاریو دووچاری پەشێوی دەروونیی دەبنەوە.

هەروەها جێگای سەرسوڕمانە کە بەنگلادش لەنێوان وڵاتە ئیسلامیەکاندا بەرزترین ئاستی پلەی بەدەست هێناوەو لە پێش هندو پاکستانەوەیە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کچان لە وڵاتانی هند و پاکستاندا زۆر کەمتر لە کوڕان دەنێردرێنە بەر خوێندن.

هەروەها  یابان لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتێکی دەوڵەمەندیشە بەڵام لە لیستەکەدا ناوی لەخوار چینەوە دانراوە، چونکە ژنانی  کارمەند لەیابان پارەیەکی زۆر کەمتر لەپیاوان وەردەگرن، ئەمجیاوازیەی یابان، تەنانەت ژنە سیاسەتمەدارەکانیش دەگرێتەوە. ڕێکخراوی بەدواداچوونی کۆڕی جیهانی ئابووری ئاماژەی بەوەشداوە ئەو وڵاتانەی کە پلەیەکی باشیان بەدەستهێناوە لەڕووی یەکسانی نێوان ژنان و پیاواندا لەم لیستەدا زۆربەیان ئەو وڵاتانەن کە کە لەبارێکی ئابووری زۆر خراپدان.

لە کۆتایدا ئەم ڕێکخراوە ئاماژەی بەخاڵێکی گرنگ داو وتی: ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو وڵاتانەی ڕێگرن لە گەشەی تواناکانی نیوەی کۆمەڵی دانیشتوانەکەی خۆیان، لە ڕاستیدا ئەو وڵاتانە زیان لەگەشەی ئابووری وڵاتەکەی خۆیان دەدەن.
شوباتی 2009

سەرچاوە: سایتی bbc